
## کەوچک و چەنگاڵێک تایبەت بە نەخۆش و بەساڵداچووان





کە تەمەن رۆیشت زۆر کەس تووشی نەخۆشی لەرۆزکی دەبێت و ناتوانێت وەك پێشوو کەوچك و چەنگاڵەکەی بەدەستەوە بگرێت و دەستەکانی دەلەرزن هەر بۆیە خواردنەکە بەسەرخۆیاندا دەڕێژن.. نەك هەر بە ساڵداچوو بەڵکو هەندێك کەس گەنجیشە بەڵام نەخۆشی لەرزۆکی هەیە.. بۆ ئەم مەبەستە کۆمپانیایەك کەوچك و چەنگاڵێکی سمارتی بەناوی Gyenno spoon بەرهەم هێناوە کە هاوسەنگی دروست دەکات بۆ لەرزینەکە.. کەوچەکە چەند هەستەوەرێکی تێدایە کە هەموو چەشنە لەرزینێك دیاری دەکات و بەشێوەی ئۆتۆماتیکی کەوچەکە رادەگرێت.. کەوچك و چەنگاڵەکە هەرکامیان کێشیان ١٣٠ گرامە کە زۆر نییە بەڵام دەبێت شەحن بکرێتەوە..

## سامسۆنگ مەچەکبەندی




لە پیشانگای ساڵانەی MWC ی بارشلۆنادا کۆمپانیای سامسۆنگ بازووبەندێکی خستەڕوو کە بازووبەندی سمارتی (Charm) ناسراوە. بازووبەندی ناوبراو لەگەڵ مۆبایلی Galaxy S7 دایە و لەگەڵ ئەوەیدا ستایلێکی جوانی هەیە ئەرکی چاودێری تەندروستی بەکارهێنەرەکەشی هەیە.. بازووبەندەکە لە

## مینی کۆمپیوتەرێکی بەهێز و بێدەنگ




کۆمپیوتەرە شاشە قورس و قەبارە گەورەکان وەك تەلەڤزیۆنە کۆنەکان بوون بە مێژوو، ئیدی باوی کۆمپیوتەری قەبارە مەزن نەماوە کە هەم شوێن دەگرێ و هەم وزەی زیاتری دەوێت.. کۆمپیوتەر بچووکەن بە هەمان کارایی کۆمپیوتەرە گەورەکان بەرهەم هاتوون، کۆمپانیای Aleutia PC یەکێکە لە بەرهەمهێنەرانی مینی کۆمپیوتەرەکان. لەم دواییەدا کۆمپیوتەری جۆری R50ی هێنایە بەرهەم. لەم کۆمپیوتەرەدا هیچ پەنکەیەك و ساردکەرەوەیەك نییە.. وەك کۆمپیوتەرە مەزنەکان پرۆسیسەری جۆری i3-6100uیە لەسەرە، رامەکەی ٣٢ گیگابایتە هاردەکەی ٥١٢ گیگابایتە و لە جۆری SSDیە. بەهۆی نەبوونی پەنکە و ساردکەرەوە هیچ دەنگێکی لێوە نایەت، بۆ ساردکردنەوەی پارچەکانی لە (هیت سینك)ی ئەلەمینۆمی سوود وەردەگرێ..

## چارمی خستە بازاڕەوە



دوو ستایلی خشتەکی و چوارگۆشەییدایەو سێ ڕەنگی ڕەساسسی و ڕەش و زێڕینی هەیە.. (charm) تەنیا شاشەیەکی بچووکی LED هەیە کە بەهۆیەوە دەتوانی زانیارییەکان ببینی.. وەك بازووبەندەکانی دیکە دەتوانی هەنگاوە ڕۆیشتووەکان بژمێری، ڕێژەی کالۆری سووتێندراو دیاری بکا.

## کامێرایەکی دیجیتالی ڕاستەوخۆ فیلمەکان بۆ یوتیوب بەڕێ دەکات



لە پیشانگای ساڵانەی مۆبایلدا کۆمپانیای مۆتۆرلا کامێرایەکی بچووکی بەناوی VerveCam خستەڕوو. کامێرای ناوبراو کامێرایەکی ئەکشن واتە خێراییە، کامێرای دیجیتالی ئەکشن بەو کامێرایانە دەگوترێت کە بۆ وەرزش و وێنە جوڵەدارە خێراییەکان سوودی لێدەبیندرێ، بۆ نموونە لە یارییەکی تۆپی پێدا کامێرایەکی لەم چەشنە هەستیارترین ساتەکان نیشان دەدات..

کامێراکەی مۆتۆرلاش بە کوالیتی HD و K2 و بە خێرایی ٣٠ فرێم لە چرکەیەکدا لە گۆشەیەکی ١٣٨پلەیدا وێنە دەگرێت.. بە سوود وەرگرتن لە سیستەمی Wi-fi لە هەر شوێنێك بی تەنانەت ٣٠ مەتریش لە ژێر ئاویشدا بی دەتوانی فیلمەکان بۆ یۆتیۆب بەڕێ بکەی..



## فڵچەی زیرەک تایبەت بە ددان شوشتن



ئامێرە تەکنەلۆژییەکان مرۆڤ تەمبەڵ دەکەن یان خزمەتی پێدەکەن! چەندە خزمەت بە مرۆ دەکەن هێندەش دژایەتی دەکەن بۆ نموونە ئەو فلچە سمارتە کە بە Oral-B ناسراوە تایبەتە بە ددان شوشتن، بەکارهێنەر دەتوانی بە سوود وەرگرتن لەو فلچە کە بە مۆبایلەوە پەیوەند دەدرێت گشت کەلێنەکانی ددانەکان خاوێن بکاتەوە.. نەك تەنیا ئەوە بەڵکو پێت دەڵێت دەبێ هەر بەشێك چەندە بشۆرێت تا پاك بکرێتەوە هەروەها فێرت دەکات کە چۆن فڵچە لێبدەی، ئەگەر بەشێوەی هەڵە بەکاربهێنی جەرەسی ئاگادارکردنەوە لێدەدات، هەروەها پێت دەڵێت کە دەبێ کرداری ددان شوشتنەکە دەێت لانی کەم ٢ خولەك بخایەنێت. لەوەش گرنگتر ئەگەر لەبیرت بچێت ددان بشۆی بە پەیامێك بۆ مۆبایلەکەت ئاگادارت دەکاتەوە کە کاتی ددان شوشتنت هاتووە.. ئیدی تەمبەڵ کردنی مرۆڤ لەوە زیاتر...

# گشت کۆنترۆڵەکان لەیەک کۆنترۆڵدا



ئامێرە دیجیتالییەکان لە ماڵەوە ئەوەندە زۆر بوونە هەر مەپرسە، هەرکام لەوانەش ریمۆت کۆنترۆڵی تایبەت بەخۆی هەیە ئەوەش خۆی لەخۆیدا گرفت دروست دەکات، کۆمپانیایەك ریمۆت کۆنترۆڵێکی بەرهەم هێناوە و رایدەگەیەنێت هەموو کۆنترۆڵەکانی ماڵەوەتان وەلاوە بنێن و بۆ گشتیان تەنیا ئەمە بەکار بێنن.

ئەم ریمۆت کۆنترۆڵە کە وێنەکەی لێرەدا وەك مۆبایلێك دەچێت بۆ گشت ئامێرێك دەگونجێت، لەوەش سەیرتر تەنانەت بۆ ئەو ئامێرانەش دەگونجێت کە پێویستیان بە ریمۆت کۆنترۆڵیش نییە وەك ئاومیوەگیر (عصارە) مەکینەی گۆشت و گلۆپەکانی ماڵەوە.. ریمۆت کۆنترۆڵەکە بە Ray Super remote ناسراوە، لەسەر شاشەی ریمۆتەکە هەموو ئەو ئامێرانە دەبینی کە پێویستیان بە ریمۆت کۆنترۆڵە.. بەهۆی ریمۆت کۆنترۆڵی جۆکەرەوە دەتوانی لە یەك کاتدا هەم دەنگی تەلەڤزیۆن کەم بکەیەوە هەم سپلیتەکەت پێبکەی..

# داتاشۆیەکی سەرنج راکێش و جیاواز

کۆمپانیای چینی ZTE لە کۆنگرەی جیهانی ساڵانەی مۆبایلدا پرۆژکتەرێك (داتاشۆ)یەکی خستەڕوو کە بە Spro plus ناسراوە. ستایل و کارایی داتاشۆیەکە زۆر جیاوازە لە ڤیدیۆپرۆژکتەرەکانی دیکە.. چونکە زۆر وەك تەبلتێك دەچێت. شاشەیەکی ٨,٤ ئینجی لەسەرە.. ئەوە یەکەمجارە لەبری گلۆپی LED لە لەیزەری فسفۆری لە ڤیدیۆپرۆژکتەردا سوودی لێدەبیندرێ هەربۆیە رووناکییەکی زۆر بەهێزە، لەگەڵ ئەوەی فۆکسێکی خێرا و ورد هەیە لە راستیدا دەتوانێت وێنەیەکی ٨٠ ئینجی لە مەودای دووری دوو مەتر و نیو نیشان بدات. سیستەمی وای فای هەیە بۆ وەرگرتنی فیلمەکان دەکرێت بە ئاسانی لەو سیستەمە سوود وەربگری جگە لەوەش خۆی هێڵی ئینتەرنێت وەردەگرێ و دوگمەی تایبەت بە یۆتیوبی هەیە و دەکرێت فیلمەکانی سەر ئەو سایتە بە ئاسانی بڵاوبکاتەوە. رامەکەی ٣ گیگابایتە و ١٢٨ گیگابایت میمۆری ناوخۆی هەیە و دەکرێت هاردیشی بۆ دابندرێ.. شوێنی دانانی کامێرای هەیە و دەکرێت کۆنفرانسێکی ڤیدیۆیشی پێ ئەنجام بدرێ.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک




**خوێنەرێك دەپرسێت من بۆ کردنەوەی سایتەکان هەمیشە لە گوگل کرۆم سوود وەردەگرم، بەڵام زۆر جاران تووشی راوەستان دەبێت و جام دەکات لەکاتی ئاوادا چ بکەم؟**

خوێنەری بەڕێز بۆ چارەسەری ئەم گرفتە لەسەرەتادا دوگمەکانی Shift+ ESC دابگرە ئەوکات پەنجەرەی (task mangaer) تایبەت بە کرۆم دەکرێتەوە. لەودا لیستێك لەو (TAB) و پرۆگرامۆکانەی تایبەت بە کرۆم نیشان دەدرێن دواتر بچۆ سەر بەشی memory بزانە کام لەو (تاب) و پرۆگرامۆکانە میمۆرییان زۆرتر داگیر کردووە لایان بەرە.. ئیدی لەمەولا هەم خێرایی دەچێتە سەر و هەم چیتر جام ناکات و ناوەستێت..



# پەت لێدانیش بوو بە دیجیتالی

پەت لێدان ناوە باوەکەی کە (حەبلانێ) پێدەگوترێت و ئەوەیە کە پەتێك کە هەردوو سەرەکەی دەگرن و بەسەریدا پازپازدان دەکەن.. ئێستا کە هەموو شتێك بەرەو سمارت و دیجیتالی بوون دەڕوات ئەویش بوو بە دیجیتالی.. یەکێك لە گرفتەکانی پەت لێدان ئەوە بوو کە بەکارهێنەر ئەگەر تازەکار با پەتەکە لە ملی یان لە قاچی دەئالا و نەیدەوانی سەرکەوتوو بێت.. بەڵام کۆمپانیای (جەمپ سنەپ) جۆرە ئامێرێکی تایبەت بە پەت لێدان داهێناوە کە پەتی دیجیتالی پێدەگوترێ لەودا هیچ پەتێك نییە، تەنیا دەسکی پەتەکان هەن، بەکارهێنەر دەبێت وەك پەت لێدان پازپازدێن بکات، ئەرکی پەتە دیجیتالییەکە هەر ئەوە نییە بەڵکو هێماکانی لێدانی دڵ نیشان دەدات، رێژەی کالۆری سووتێندراو لەکاتی پەت لێداندا تۆمار دەکات، رێژەی ئەو ئۆکسیژینەی بەکارهێنەر وەریگرتووە بە کورتی چالاکییەکی تەواوی جەستەیی تۆمار دەکات..



# لاپتۆپێک بە کوالیتی نیشاندانی 4K

کۆمپانیای LG لە ریزی سەرکەوتووترین کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ دێت، چالاکی کۆمپانیاکە لەو چەند ساڵەی دواییدا زۆر بەرفراوان بووە.. لەم دواییەدا کۆمپانیای ناوبراو لاپتۆپێکی نوێی بەرهەم هێناوە کە بە U560 ناسراوە، لاپتۆپەکە ١٥,٦ ئینجە و ویندۆز ١٠ی لەسەرە. سپیکەرەکانی لە جۆری Harman kardonن، رامەکەی ٨ گیگابایتە و لە جۆری DDR3یە. هاردیسکەکەی یەك ترابایتە. هەروەك لە وێنەکەدا دەبینن LG ویستوویەتی لە ستایلەکەشدا گۆڕانکاری بکات و دوو رەنگی دژ بەیەك رەش و سپی لە لاپتۆپەکەدا کۆبکاتەوە، ئەمەش بە جۆرێك لە نوێگەری دادەنرێت، کوالیتی نیشاندان هەروەك ئاماژەمان پێدا لە جۆری 4Kە واتە لە ئاوێنەیەکی گەشیش روونتر..



# سایتێک بۆ بەڕێوەبەرانی سایتەکان

ئەگەر تۆ خاوەنی سایتێکی یان لە کۆمپانیا یان لە شوێنێك کار دەکەی سایتی تایبەت بەخۆی هەیە و تۆش بەرێوەبەری سایتەکەی، حەز دەکەی بزانی خێرایی سایتەکەت چەندە، چ شتێك سایتەکەتی قورس کردووە، خاڵە لاواز و بەهێزەکانی سایتەکەت چیە؟ سەر لە سایتی Gtmetrix بدە، پێویستە تەنیا ئەدرەسی سایتەکەی خۆت لە بۆکسێك کە تایبەت بۆ ئەم مەبەستە داندراوە بنووسە و ئیدی سایتی ناوبراو سایتەکەی تۆ شیکاری دەکات و هەرزانیارییەکی گرنگە لەبارەی سایتەکەتەوە پێت دەڵێت..